# سیحری خراپە (دزێوی)[1]

*«Man, when perfected, is the best of animals,*
*but when separated from law and justice, he is the worst of all.»*
Plato - POLITICS

نەوزاد جەمال



## پێشەکی

لەم وتارەدا دەمەوێت لە دەروەی گوتارێکی مۆراڵیستانە، پرسی خراپە -کە بابەتێکی فەلسەفەی ئاکارە، لە مێژووی خۆیدا و بە تێگەیشتنێکی تر تاوتوێ بکەم. هەڵبەت، تێگەیشتنێکی وەها نەک هەر پێویستی بە چوونە دەرەوەیە لەو بۆچوونە باوانەی بوونەتە گوتارێکی ڕەوشتی-ئایینی، بەڵکو دۆزینەوەی واتا و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی خراپەشە. واتە، سەرسووڕین لەو دیوار و بەربەستە ئۆنتۆلۆژییەی جوڵە و حەز و مەیلەکانی مرۆڤ سنووردار دەکات. لێرەوە ئەو دیوە باسنەکراوەی «خراپە – دزێویی» کە کراوە بە ژێر پێوەرە ڕەوشتی و ئایینیەکانەوە، جارێکی تر بیخەینەوە بەر باس و توێژینەوە.

## 1- گریمانەی سەرەکی

گریمانەی سەرەکی لێرەدا بریتییە لەوەی؛ خراپە وەک ڕێگەیەکی نائاسایی و ئاسان بۆ گەیشتن بە واتایەکی جیاوازتری بوون. ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەم گریمانەیە، جێگەی مشتوومڕە، بەڵام شایەنی بیرکردنەوە و فەلسەفاندنە. بە دەربڕینێکی تر؛ بۆ تێگەیشتن لە چییەتی خراپە-دزێویی، پێویستمان بە دیدێکی دەرەمۆراڵی (لە دەروەی دیدگای ڕەوشتی) هەیە. بەمەش، باسوخواسی خراپە لە هەژموونی ڕەوشت و ئایین دەردەهێنن و پانتاییەکی واتایی و ڕاڤەیی تری بۆ دەدۆزینەوە.

دواجار، بە جۆرێکیش لە هەژموونی فەلسەفیی کانت سەبارەت بە خراپە وەک پێدراوێکی ڕیشەیی (ڕادیکاڵ) دەردەچین . هەڵبەت، قوڵایی بابەتەکە لە پرسیارێکی هەستناکەوە سەرچاوە دەگرێت: بۆچی خراپەکاری ئەوەندە سیحرێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشەری لای مرۆڤ هەیە؟ ئایا هەر لەبەرئەوەی پێچەوانە و دژەباوە؟ یا لەبەرئەوەی لادانە لە ڕێسا و پێوەر و بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و شارستانیەتەکان؟ یا لەبەرئەوەی قورساییەکی تری هەیە کە هێشتا بەبەجێهڵراوی ماوەتەوە؟

## 2- سەرەتایەکی خراپ

دزێوی (ناحەزی) دژ بە چەمکی باشە و چاکەیە، ئەمە ڕاستییە سادەباوەکەیە. باشە و چاکە هەمیشە هێڵە گشتی و ڕێکەکەی ژیانە، کە هەرکەس لەسەری بڕوات، ئیتر مرۆڤێکی باش و چاکە. بە پێچەوانەشەوە، خراپە دەرکەوتێکی دزێو و ناحەز و ناچیز و نەفرەتییە. بەڵام چیرۆکەکە هەر بەم دابەشکاری و پۆلێنکارییە سادە خۆشەوە ناوەستێت. ناکرێت دیاردە و کارەساتە سیاسیەکان، پشێویی جەنگ و شەڕوشۆڕەکان، تەنها بە عەقڵی ڕەشوسپییەوە لێکبدەینەوە، بەڵکو پرسەکە لەوە ئاڵۆزتر و ووردترە، چونکە ئەوەی ئاشکرایە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا ئەوەیە هەمیشە خراپە، دزێوی دەستپێشخەر بووە لەچاو چاکەدا، واتە، بە جۆرێک چاکە کاردانەوە و وەڵامدەرەوە بووە.

هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەمەوێت، هەندێک پرسیار دەربارەی خراپە و کاریگەری و ڕۆڵی لە ژیان و بیرکردنەوەدا تاوتوێ بکەم. هاوکات ئەو دەستپێشخەرییەی خراپەی دزێو کە وەهای کردووە سەرنجڕاکێش و ببێتە خاوەنی سیحر و تەلیسمێک باسبکەم.

## 3- بیرکردنەوەی خراپ یا خراپەی بیرکردنەوە؟

لە مینتاڵێتی (ئەقڵیەت) کوردەواریدا، وێنەیەکی سەیر و ئاوەژوو بۆ ئەرک و چییەتی بیرکردنەوە هەیە: بیرکردنەوەی زۆر، یەکسانە بە خراپە. پرسیارکردن و بەدواچوونی پرسە هەستیارەکان، ماڵوێرانییە! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆگمە ئایینی و کولتووری و سیاسییەی کە هەیە: بیرکردنەوە دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ چیتر بەئاسانی خۆی نەدات بە دەستیانەوە و ئاسانتر بکەوێتە ژێر ڕکێفیانەوە.

ئاخر، کەسانی زیرەک و بیژیی لای ئێمە بە شەیتان دەناسرێت. کە دەشڵێین ئەو کەسە شەیتانە، مەبەستمان لەوەیە؛ زیرەک و وریا و لێزان و بزانە. لەمەوەوە کولتووری ئێمە زۆر

بیرکردنـەوەی خسـتۆتە دەرەوەی ئـەرک و پێداویسـتییەکانی خـۆی. جارێـک بیرکردنـەوەی بـە «شـێتبوون»، جـاری تریـش بـە «سـەرچاوەی خراپـەکاری» لێکداوەتـەوە. وەک دەبیسـترێت و دەوترێـت «بیرمەکـەرەوە زۆر، چونکـە خراپـە».

ئیـدی، ئەمـە کولتوورێکـە لـە نـاوەوە دژ بـە بیرکردنـەوە و لێکدانـەوەی تاکـە لەگـەڵ خۆیـدا. مـرۆڤ دەبێـت مێگەلـی بێـت، تـا قبـوڵ بکرێـت! دۆخـی مێگەلیانـەش پێویسـتی بـە بیرکردنـەوەی سـەربەخۆ و ژیرانـە نییـە، بەڵکـو پابەندبـوون و گوێڕایەڵیـی گەرەکـە. هـەر کەسـێکیش لـەم هێڵـە گشـتییە دەرچێـت، کەسـێکی خـراپ و دزێـوە!

### 4- پاڵەوانە کارتۆنییەکە

لـە کایـەی ڕاگەیانـدن و سیاسـەتەوە تـا نێـو کوچەوکۆڵانەکانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، هەمیشـە ئـەو کەسـێتییانەی ڕۆڵـی مرۆڤـی دزێـو دەگێـڕن، لەبەرچاوتـر و دیارتـرن. لەنـاو تۆڕەکانـدا، جەنـگاوەر و پاڵـەوان یـان پرۆفیشـۆناڵەکانن کـە داتـا و بانکـی زانیـاری کەڵکـە دەکـەن یـان ئەوانـەن کە ڤایرۆسـساز و جەنـگ بەرپـا دەکـەن. بـۆ نموونـە، ئەوانـەی بـە «هاکـەر» دەناسرێـن بـە دەمامـک و ناسـنامەی نادیـارەوە، خەباتـی دیجیتاڵـی دەکـەن. هەندێـک لـەو پاڵەوانـە قارەمانـە، گورزوەشـێنەکانن لـە سیسـتمی بانـک و هاککردنـی داتـا و زانیارییەکانـی شـوێنە هەسـتیارەکان. ئەمانـە وەک چەتـەی ئینتەرنێـت لە ڕووی ئاکامـی کارەوە، هیچیـان کەمـتر نییـە لـەو خۆکوژانـەی خۆیـان دەتەقێننـەوە. بـەڵام دواجـار ئـەوەی گرنگـە هەسـتی پاڵەوانسـازییە وەک سـەرمایەیەکی ڕەمـزی گرنـگ و سـەرنجڕاکێش. بۆیـە، تـا خراپـە و دزێویـی بکەیـت، ژێـدەری نێوبانـگ و دەنگـۆت زیاتـر هەڵدەکشـێت. لـە مرۆڤـی سـێبەرەوە دەبیـت بـە ئەسـتێرە!

### 5-لە بەدناوەوە بۆ سیحری جوانی

هەمـوو دەزانیـن بـە درێژایـی مێـژوو؛ وتەیەکـی دووبـارە بۆتـە قـەوان «باشـە باشـە، خراپـە خراپـە». کـەس ناپرسـێت بـە کام پێـوەر و بـە بەرمەبنەمـای کامـە ڕێسـا دەبێـت ئـەم باشـەیە بـاش بێـت و ئەویـتر نـا؟ جگـە لـەوەش، سـەرباری ئـەو هەمـوو ئاییـن و ئامـۆژگاری و ڕێبـاز و فەلسـەفانەی کاریگـەرن، مـرۆڤ هـەر خراپـە دەکات. دەی کەواتـە بۆچـی کـردەی خراپـەی زیاتـر ئامادەیـی و دەنگـۆی هەیـە لـە میدیـا و ژیانـی کۆمەڵایەتییـدا؟

ئـەو کاریزمـا و هێـزە جادوییـە چییـە وادەکات خراپـە و خراپـەکار، دزێویـی (ناشرینـی) سـەرنجراکێش و کاریگەرتـر بێـت؟ ئاخـر ئـەوە چییـە وەهـا دەکات هەمیشـە دەنگـی خراپـە، ئەفسـوناوی و بیسـتراوتربێت لـە دەنگـی چاکـە؟ دیـارە، سـیحر (charm)ی خراپـە لـە زەقێتـی و خێـرا ئاشـکرابوون و دیاربـوون و ڕاشـکاوییەتی. بـەڵام، حەقیقـەت و چاکـە، هەمیشـە جۆرێـک پەنهانـی، نادیـار و نـاڕوون و نابەردەسـتە. واتـە، ناکەوێتـە بەرچـاو و بـە ئاسـانیش ناناسرێتـەوە. بۆیـە، گەیشـتن پێـی یـان بەدیهێنانـی لـە بـواری زانیـن و ڕەوشـت و ...هتـدا ماندووبـوون و هەوڵدانـی زیاتـری دەوێـت. بـۆ نموونـە، دزی ئاسـانترە لـەوەی کاری خێرخـوازی بکەیـت. چونکـە، گشـت غەریـزەی چاوچنۆکـی و مانـەوە و ...هتـد کارەکـە دەڕازێنێتـەوە و جوانـتر و سەرنجراکێشـتری دەکات. هـەر بگەڕێینـەوە سـەر کۆمەڵـگای خۆمان، لـە کوردەواریـدا کەسـێک کـە یەکێکـی تـر دەکوژێـت (جـا لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت)، دواجـار بکوژەکـە کـە خراپـەکارە سـەرەکییەکەیە، دەبێتـە چەقـی گرنگـی مەسـەلەکە. کوژراوەکـە (قوربانییەکـە) دەڕوات ئەوانـەی ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینن لـە پرۆسـەی ڕێککەوتـن و ئاشـتبوونەوە یـان تۆڵـەدا، بکـوژ و کەسـوکاری کوژراوەیەکـە. لەکاتێکـدا خـزم و کەسـی کوژراوەکـە داوای حەقـی خۆیـان دەکـەن، ماڵـی بکوژەکـەش بـە هەمـان گوڕوتیـن داوای لیخۆشـبوون دەکـەن. زۆربـەی کاتیـش قەرەبووکردنـەوەی خوێنەکـە، بـە پـارە دەقەبڵێنرێـت. بـەڵام، قوربانییەکـە نـاوی لـە کولەکـەی تـەڕدا نامێنێـت!



(هۆبز): «مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپە» (ڕۆسۆ): «مرۆڤ بە سروشتی خۆی باشە»

**6-کێ زوومی کامێراکان داگیردەکات؟**

وەک لە فیلمە ناسراوەکان (بەتایبەت ئەوانەی هۆلیود یان تەنانەت بۆلیودیش)دا دەردەکەوێت، کاراکتەری سەرەکیی خراپەکارەکانی وەک (باتمان) یا درندەیەکی تر ئەوانەن کە گۆڕانکاری لە ڕەوتی ڕووداو و ژیانی کۆمەڵگاکاندا دەکەن. لەکاتێدا فریاڕەس (پاڵەوان) و ڕزگارکەر، تەنها لە دواساتدا پەیدادەبێت و بە لەناوبردنی خراپەکارەکە گۆڕانکارییەک دەکات. بەڵام، خراپەکارەکە زنجیرەیەک گۆڕانکاریی گەورەی ئەنجامداوە هەر لە وێرانکردن، تێکدان و شێواندن، هەژاندن و ترس و تۆقاندن، فریودان و بەلاداڕێبردن، هەڵگێڕانەوەی پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگە تا پەرتەوازەکردنی خەڵک، دیمەنی سەرەکیی فیلمەکە داگیردەکات.

بۆیە، هەر لە نیگا و پێکەنین و بزە و قاقا سەیرەکانییەوە، بە ڕووخسارە جیاواز و تۆنە سەرنجڕاکێشەکانیدا، توانایەکی کاریگەر لە بزواندن و سەرنجڕاکێشاندا هەیە. لەبەرئەوەی خراپەکار لە فیلمەکاندا سێکسییە، وەلێ ئەگەر کوڕەباشەکە (پاڵەوانەکە) جوانیش بێت، هێندە سیحری ڕاکێشانی وەک ئەو نییە! کەواتە؛ ئەو هێز و سیحرە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**7-بیرۆکەی باو لە بارەی خراپەوە**

ئەگەر بە زمانی ئایینی بیربکەینەوە لە خراپە، ئەوا زۆربەی کردەوە ناحەزەکان دەدرێنە پاڵ «شەیتان». باشە، بۆ شەیتان ئەوەندە شوێنکەوتەی زۆرە و کاریگەرترە لە «خودا»؟

خۆ ئایین خۆی وادەڵێت کە سەرەڕای ئەوەی ڕێی ڕاست پیرۆزە، کەچی زۆربەی خەڵک و دروستکراوەکانی خودا بە دوای هێزی خراپەکارەوەن. ئیدی، ئەگەر وابێت، ئەوا ژیان و باردۆخ و هەلومەرجی سەرزەوی پڕە لە خراپە و ناحەزی و بەدکاریی. باشە، بۆ هاوسەنگیی هێز هەمیشە بەلای خراپەدایە نەک چاکە؟ لاسەنگیی هێزی



چاكە و خراپە، بیركردنەوەی زیاتر دەخوازێت لەو دەمامكانەی خراونەتە سەر چەمكی خراپە و ئەو چاوبەستەی بەناوی چاكەوە لە هۆش و بیری مرۆڤدا كراوە.

ئەو دیدە دوالیستانەی لە ئایینی زەردەشتیەوە تا فەلسەفەی ئەفلاتون و پاشتر وەك گوتارێكی بەڵگەنەویست و داسەپێنراو، بنەڕەتی هەموو «بوون»ی لە دوو تێزدا كورت كردۆتەوە: باشە و خراپە، ڕاستیی مەسەلەكە قەتیس دەكات لە دووجەمسەردا. جگە لەوەش، بەو پێیە بێت خراپە هەر هەبووە و دەبێت، وەك چۆن چاكەش هەر هەبووە. بەڵام، پرسیارە سەرەكیەكە لەوەدا نییە كە بووە. نەخێر، بۆ كاریگەرترە و جوڵێنەرترە لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتییدا؟ ئایا لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپدۆستە؟ یا گێل و نەزانە؟

سۆكرات یەكێكە لەوانەی خراپەی دەگێڕایەوە بۆ نەزانی. واتە، ئەگەر مرۆڤ بزانێت شتێك خراپە، نایكات. ئێدی، ئەوەی خراپە ئاكامی نەزانینە. نەزانینی خراپەش، خراپترین خراپەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو تێزە سۆكراتیە لە ئەنجامی پێشكەوتنی زانستی و تەكنۆلۆجیای زانیارییەوە بەرگریی فەلسەفییانەی تەواو لێناكرێت. چونكە، بەشێكی باشی خەڵك خراپە و فۆڕم و دەركەوتەكانی دەزانێت و دەناسێتەوە.

**لە مینتالێتی (ئەقڵیەت) كوردەواریدا، وێنەیەكی سەیر و ئاوەژوو بۆ ئەرك و چییەتیی بیركردنەوە هەیە: بیركردنەوەی زۆر یەكسانە بە خراپە. پرسیاركردن و بەدواچوونی پرسە هەستیارەكان، ماڵوێرانییە!**

بەڵام، زیرەكانەتر و ژیرانەتر پاساوی باشی خراپەكانی دەداتەوە و ڕێخۆشكەری زانستی و عەقڵانیی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەمەش لایەنە مەترسیدارەكەیە وەك (هانا ئارێندت) لە «پرسی ئایخمان لە ئۆرشەلیم»دا جارێكی تر تێزەكانی كانتی سەبارەت بەخراپەی ڕادیكاڵ تاوتوێ دەكاتەوە و دەگاتە تێزێكی نوێ كە بە خراپەی پوچ ناویدەبات.

دیسان: بۆ خراپە كاریگەرترە و دەتوانێت مرۆڤەكان بە لای خۆیدا ڕاكێشێت؟ بۆچی (خودا) كە سیمبولی جوانی و چاكە و حەقە لای باوەڕدار، باوەڕدارەكان زیاتر لەژێر كاریگەریی شەیتان و خراپەدان و لێی دەسڵەمنەوە؟

### 8-چیرۆكی بوون یەكسانە بە سەرهەڵدانی خراپە

لە باوەڕی ئایینییدا خراپە ئەزەلیەتێكی هەیە وەك لە تێكستی (سورەی بەقەرە) دا خودا دەڵێت: «اني جاعل في الارض خليفة، قال ابليس اتجعل من يفسد فيها و يسفك الدماء». كەواتە، لێرەدا پیاوە خراپەكە كێیە ئەوەیە بەرهەڵستیی دروستكراوێك دەكات، یان ئەوەی دروستكراوێكی خراپ دەخاتەوە؟

وەك وتراوە (ئیبلیس) یەكەم بوونەوەرە كە گوتوویەتی «نا» بە ڕووی دروستكەری ئاسمان و جیهاندا. بەتایبەت، كاتێك كڕنووشی بۆ مرۆڤ نەبرد. بە پێی گێڕانەوەكان ئیبلیس بە شكاندنی

فەرمانی خودا تاوانبار دەکرێت. لە کاتێکدا پێشتر ئەو خودای ئاگادار کردەوە لە کردەوەی نابەجێ کە مرۆڤ دروستکردنە!

ئاخر شانۆگەریەکە و سیناریۆکە ئەوەندە جوانە کە پرسیار نابڕێتەوە: ئیبلس بۆ دەبێت خراپ بێت کە بەتەنگ چاکەوەیە؟ چۆن خوا کە سەرچاوەی چاکەکانە، دروستکراوی خراپ ئەهێنێتە بوون؟ بەڕاستی ئەگەر چیرۆکەکانی ئایین ئەو هەموو هەڵبەستەی بۆ ئیبلیس تێدابێت، هەر خۆیان بە جۆرێک دەیکەن بە پاڵەوانی سەرەکی و ئامادەیی ڕاستەوخۆ لە ژیانی باوەڕدارەکاندا. چونکە، بەو پێیە سەرچاوە و هاندەری خراپەکارییە بۆ مرۆڤ. لە هەموو کردەوە و ڕەفتارێکی خراپ و ناگەهاندا ئەم بکەرە خراپە بەرجەستە و شوێندەستی دیارە. کەواتە، بە دەربڕینێکی تر خودا ئامادەیی بە ئەندازەی ئەو نییە لە جیهاندا.

بۆیە چیرۆک و گێڕانەوەکان بە ئاشکرا ناهەقیی پێدەکەن، چونکە ئەو دژی خراپە بووە لە بنەڕەتدا. سەری بۆ خراپەکار «کە ئادەم وەچەکانیەتی» نەوی نەکردووە! کەچی دواجار هەموو خراپەی ئادەمیزاد خرایە ملی ئەو! ئەمە خاڵێکی هەم سەیر و هەم سەرنجڕاکێشە. هاوکات بە دیوێکیشدا سەلمێنەری پاڵەوانێتی و گرنگیی ئیبلیسە بە ڕاستی.

**9-خراپە وەك سەدیم-پشێوی**

بەپێی گوتاری مۆراڵیانەی ئایینی خراپە، سەدیم- پشێوییە (chaos). واتە ئەوەی ڕەوتی ڕێکوپێکی سیستمی ژیان و جیهان و ئارام و ...هتد تێکدەدات. هەر لەبەرئەوە خراپە مەترسیدارە. جێگەی ئاماژەدانە، نووسەری ناسراوی ئێران «داریوش شایگان» لە کتێبی «شۆڕشی ئایینی چییە؟»، هونەری مۆدێرن وەک هونەرێکی بێ پێگە و جێگە یا نابەجێ ناودەبات . هەر لەو سۆنگەیەشەوە، باسی دیاردەی -کائۆس- سەدیم دەکات. سەدیم واتە، دەرکەوتێکی زاڵ و شێوەیەک لە شێوەکانی و هێزی نائاگایی مرۆڤ. ئەو تاریکاییەی لە پشێوی و بەردەوامیی شێواندنی ڕێکی و پێوەرەکانە. واتە، جیهانێک کە دەرکەوتە نەفسییەکان، جێگەی واقیعی بابەتی دەگرنەوە. بەمەش دۆخی دەروون شوێنی واقیعی بابەتی دەگرێتەوە.

لێرەوە، هەڵوەشانەوە پەرتبوون و داوەشان جێگەی هەرچییەک دەگرێتەوە کە باشەیە لە واقیعدا. بۆیە، نەشاز، ناتاسا بە ڕای (تۆماس مان) لە «دکتۆر فاوست»دا دەربڕی هەموو شتێکە کە بەرز و باڵا و شکۆمەند و پاکە! لە کاتێکدا هارمۆنی و ڕێکەوتن و گونجان دەبێتە سیمبول و ئاماژەی هەرچییەک کە دۆزەخئاسا و بێبایەخ و پوچ و ئاستنزم و سووکە.

کەواتە، وازهێنان لە جوانیی ڕاستینە، لەپێناو ناجوان و دزێو و ناحەزدا، پاڵنەرێکی کاریگەر و هاندەرێکە بۆ خراپە. ئیدی لە خراپەکارییدا/سەدیمدا یەکێتیی کات و کار و شوێن و سروشت یان شێوەی تاک نامێنێت. لەمەوە، وێنەیەکی تری شتەکان لە جیاتی ئەوەی کە دەبینین، بەدەردەکەون. ئەم وێنەیەش جۆرێکی تری شەیتانئاسای مرۆڤە لە بەر چاومان!

لە بواری ئەدەبیشدا (جۆرج باتای) بە وردی باسی دیوێکی گرنگی خراپە دەکات. لای ئەو خراپە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە ڕادەی لادانی زمان لە قەدەغەکراوەکان و ڕێگرە سێکسییەکانەوە. لێرەوە، شتێک هەیە ناوی جوانیی خراپەیە (وەک لای لوتریامون جوانیی ناشرینی هەیە) کە توانای داهێنانی نووسین بەرەودەکات. ئەمەش لە دراندنی پەردەی ڕەوشتی لەسەر تێگەیشتنەکانمان بۆ بوون ڕەنگدەداتەوە. بۆیە، ئەگەر ئەدەب لە خراپە دوورکەوتەوە، ئیتر دەبێتە بابەتێکی وەڕسکەر و بێزارکەر. چونکە قورسایی ئەدەب نیگەرانی و دوودڵیی مرۆڤە.

نیگەرانییش هەمیشە لەسەر شتێک دامەزراوە کە بەرەو خراپە دەڕوات. ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت کە ئەدەب مرۆڤ دەخاتە بەردەم هەست و دۆخیکی ناحەزەوە، تا



**دزی ئاسانترە لەوەی کاری خێرخوازی بکەیت، چونکە غەریزەی چاوچنۆکی و مانەوە کارەکە دەڕازێنێتەوە و جوانتری دەکات**

بێزارنەبێت . ئەم دۆخەش بایەخدانە بە خراپە. بۆیە ئازایەتیی فەرامۆشکردنی قەدەغەکراوەکان- پێوستییەک و دەستکەوتێکی مرۆڤە. لەبەرئەوە، کاتێک ئەدەب داهێنانی خراپەی دزێو دەکات بە پیشەی خۆی، ئیتر پانتایی و فەزای دەربڕین جوانتر و خۆشەویستتر دەبێت. واتە، وەک ئەوەی ئەمە وەک خۆپاڵفتەکردن بێت، نەک پیس و گڵاو بوون بە بۆچوونی پێوەرە ڕەوشتییەکان. لەمەوە، بابەتی خراپە وەک چەقی کاری ئەدەبی و وەک کاراکردنی بەرهەمهێنانی ئەدەبییە. چونکە ئامڕازێکە کە هەموو قەدەخەکراوەکانی نێو زمان تێدەپەڕێنێت. ئیدی، خراپە باشترین و بەهێزترین ڕێگەیە بۆ دەرخستنی هەستوسۆزەکان. بێ ئەمەش پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەردا دروستنابێت. واتە، بەبێ تێپەڕاندنی قەدەغەکراوەکان، ئەم کارلێکە نایەتەدی.

### 10-تێڕامان لە هەندێك وەڵامی سادە

ڕەنگە، وەڵامێکی ئەو پرسیارانەی سەرەوە لەوەدابێت کە مرۆڤەکان دڵنیان و زانیاریی باشیان لە ئاکام و چییەتیی خراپە هەیە. بەڵام لە چاکە و پێناسەکانی بە هەمان گوڕوتین دڵنیا نین. جگە لەوەش، بە دیاریکراوی نازانین لە ئاکامی چاکەکردندا چیمان لێدێت یان ژیانیان بە کوێ دەگات. بەرامبەر هەر خراپەیەک سزایەکی ڕاستەوخۆ و ناسراو هەیە؛ جا بە نەخۆشکەوتن، یان باجدانەوەیەک لە توخمی تاوانەکە بێت یان نا. جگە لەوش هەمیشە ئاگادارکردنەوەی ئاشکراو زەق لە بەرامبەر ئەو لایەنەی خراپە هەیە. هەر لە دەقە قەدەغەکراوەکەی (موسا)وە تا ئەوەی زانست پێمان دەڵێت، لەوانەی زیانبەخش و ئاکامی خراپیان لێدەکەوێتەوە.

ديسان دەپرسين، بۆ چاكە ئەو ڕوونى و ڕاشكاوى و ئاكامە ديارەى نييە؟ بەتايبەت كە زۆربەى پاداشتەكانى چاكەى مرۆڤ، هەڵدەگيرێت بۆ جيهانێكى تر؛ بەهەشت. بەڵام مرۆڤى باوەڕدار ئەگەر بەدڵ باوەڕى بەو جيهانەش بێت، هێشتا ناتوانێت بە كردەيى ئەو ڕاستييە لەمس بكات تا لێى دڵنيابێت كە پاش دەرچوونى لە ژيانى زەوى، دەكەوێتە ئەو هەوارە دڵنەوايەوە! هەڵبەت، كاتێكيش كە مرد هيچ گەرەنتى و دڵنياييەك نييە لەو بۆشاييە بوونەكيەى مرۆڤ تێدەكەوێت كە ناوى نەمان (مردن)ە، ڕاست و دروست بەهەشت هەبێت يان بۆ ئەو ئامادەكرابێت.

جگە لەوەش وەک (جوليان باجينى) دەڵێت هۆكارێكى تر ئەوەيە: «هەرگيز حەقيقەت لە مێژوودا سادە و ڕێک و ڕەوان نەبووە. بەڵكو ئاڵۆز و ئاوێتە و ناڕوون بووە. مێژووى حەقيقەت ئەوە دەردەخات كە سەرەڕاى ئەوەى حەقيقەت -ڕاستينە- فۆرم و دەركەوتێكى باڵاى «چاكە» بووە، بەڵام ئەوەندە بە كردەيى لە ڕووداو و نەهامەتييەكاندا بەرجەستە نەبووە. كوا ئەوەندە لە مێژووى گەلاندا ئاشتى لە جياتى جەنگ، دادوەرى لە جێگەى ستەم، زانست لە جێگەى نەفامى كاريگەر بووە؟

زۆرجاريش بۆ ڕاستكردنەوەى بارى چاكە لە تەرازووى مێژوودا، پەنا بۆ ژيرى و عەقڵ براوە وەک خاوەن بريارى يەكلاكەرەوەى گرفتەكان. بە جۆرێک كراوەتە سەنگى مەحەک و پێوەرى جياكەرەوەى خراپەو چاكە. لەكاتێكدا، عەقڵيش بەدەرنەبووە لە خراپەكارى لە خۆيدا. وەک (ميشيل فوكۆ) دەڵێت: «تاقيكردنەوەى يەكلاكەرەوەى فەيلەسوفانى دێرين، بريتى بووە لە تواناى ڕێنوێنى و ڕێنيشاندان. لە چاخەكانى ناوەڕاستيشدا بەعەقڵانيكردنى دۆگما و لە چاخى كلاسيكيشدا بناغەڕێژى زانست بووە؛ وەلێ لە سەردەمى نوێشدا، تواناى پاساوهێنانەوە بووە بۆ كوشتوبرين . بە دەربڕينێكى تر، ئەو پێيوايە مۆدێرنە ڕەواتيدان بووە بە كردەى خراپە و ڕێخۆشكردن بووە بۆ ئەوەى بەكردەيى بێتەدى، بەڵام بە ئامراز و كەرەستەى تازە و پێشكەوتوو.

لەم سۆنگەيەوە دەكرێت بڵێين خراپە، پێدراوێكى ژيريى مرۆڤ خۆيەتى. ئەمەش پێچەوانەى تێزە ئايينى و فەلسەفى و سايكۆلجيەكانە، كە خراپە لە ئەنجامى بەكارهێنانى ژيرى نييە. لەكاتێكدا باشترە بگوترێت، خراپە ئەنجامى خراپ بەكارهێنانى ژيرييە. هەرچۆنێک بێت كانت ووتەنى؛ خراپە لەمرۆڤدا بنەڕەتييە.

**پەراوێزەكان:**

(1) (Evil) لێرەدا من وشەى دزێو بەرامبەر خراپە ئيڤل يا «الشر»ى عەرەبى بەكاردەهێنم. ديارە، ناتوانم پێداگيرى بكەم لەوەى ئاخۆ هەڵەيە يان ڕاست، بەڵام ئەمە تەنها هەوڵێكە كە دەكرێت ڕاست يا هەڵە بێت تا ئەو كاتەى زمانزان و كورديزانەكان، خۆيان يەكلايى دەكەنەوە.

(2) سەرەڕاى ئەوەى (كانت) ڕوانگەيەكى تايبەتى هەيە لەو بارەوە؛ مرۆڤ وەک ڕەگەزێک-و جۆرێكى نە خراپە و نە باشە. لەبەرئەوەى هەردوو لايەنەكەى تێدا كۆبۆتەوە؛ هەم پۆتێنسالی خراپە و هەم باشەش. هەروەها ئەو تەواو دژى ئەو بۆچوونەيە كە «مرۆڤ بە سروشتى خۆى خراپە»: (هۆبز). يان «بە سروشتى خۆى باشە»: (ڕوسۆ). خراپە، ئاكامى پێكەوەهەڵنەكردن يان ناكۆكيى نێوان ويستى ئازاد و ڕێسا ڕەوشتييەكانە. ئەمەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەى هەندێک مەيل و حەزى سروشتى خۆتێهەڵقورتێنەرى مرۆڤەوەيە كە وەها دەكات خراپە و پاڵنەرەكانى بەهێزتربن لە ڕێسا ڕەوشتييەكان. بۆيە خراپەى بنەڕەتى (ڕەسەن) ڕەگوڕيشەى لە هەموو مرۆڤێكدا هەيە. هەروەها خراپە بەرئەنجامى سروشتى هەستەكان يا حەزومەيلەكان و ئارەزووەكان نييە. لە باوانيشەوە بە ميراتى وەرناگيرێت (پێچەوانەى كريستيانەتيە)، بەڵكو، بەرپرسياريتيى هەموو تاكێكە لە كردەوە و ئازاديى ويستى دەگەيەنێت.

(3) شايگان ماهى الثورة الدينية . ل ١٩٠

(4) https://www.youtube.com/watch?v=9z6F4OSHSaI

(5) 25 DE, vol. 3, no. 204, "La grande colère des faits," 9–15 May 1977 (277–81), 278. From: Foucault's Gulag Jan Plamper 2002.

# ئێرنست مەندڵ

فایلێکی تایبەت

